The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# با گرتن و تەقە کردن بەر بە نارەزایەتی جەماوەر ناگرترێت

**لە چەند رۆژی رابردوو لە کفرییەوە بۆ چەمچەماڵ و شۆڕش و دەربەندیخان جەماوەری ئەنفالکراو و هەژاری ئەم شار و شارۆچکانە زنجیرە خۆپیشاندانیَکیان بۆ دابینکردنی سەرەتایترین پیَداویستییەکانی ژیانیان بەرپاکرد , ئەم خەڵکە لە رابردوودا داینەمۆی راپەرینەکانی کورد و خوین بەخشی جولانەوەکانی بوون , ئەمرۆ لەلایەن ئەوانەی لە باوەشی خۆیان پەروەردەکران , دەدریَنە بەرگولە و پیش بە دەربرینی نارەزایەتییەکانیان زیندانی دەکرێن.**
**ئیمە پیمان وایە داواکاری جەماوەری کوردستان داواکارییەکی ڕەوایە و دەبیت حکوومەتی کوردستان زەمانەتی خۆپیشاندان و مانگرتنی شارستانیانە بکات , بۆیەریگە نەدان بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و مانگرتن لە لایەن جەماوەرەوە بە هەموو پیوەریک هەڵسوکەوتیکی دکتاتۆریانەی حکوومەتی کوردستانە , بە هیچ پیوەرێکَ لە گەڵ دیموکراسییەتدا یەک ناگریتەوە.**
**هاوکات تەقەکردن لەجەماوەر و گرتن و زیندانیکردنی هاووڵاتیان سەردەمی بەعسی ڕوخاومان بە بیر دێنیتەوە.**
**داواکارین لە حکوومەت و جەماوەری کوردستان:**
**-دەزگا حکومی و مەدەنییەکان لە گەندەڵکاران و کۆنە جاش و فایلدار و بەعسییەکان پاک بکرینەوە.**
**-داهاتی بەرپرسان کۆنترۆڵبکریت , جیاوازی باری ژیانی بەرپرسان و هاووڵاتیان کەمبکرێتەوە.**
**-گرێبَەستەکان و تەنەرەکان نەدریت بە بەرپرسان و کۆمپانیاکانیان.**
**-پەلاماردان و سوتاندن و هیرش بۆسەر شوێنەَ گشتییەکان دیاردەیەکی ناشارستانییانەیەو ئاکامەکەی تەنها بە زیانی جەماوەر و شیواندنی داخوازە رەواکانییان کۆتایی دیت.**
**-بە زووترین کات زیندانیەکانی جەماوەر ئازاد بکرین و تاوانبارانیش لە هیزەکانی ئاسایش سزا بدرین.**
**لە کۆتایشدا ئەوە دەڵێین چارەسەرنەکردنی داواکانی بەردەوامی خەڵک کە چەندین ساڵە داوای دەکەن و بە هەند وەرنەگیراوە جگە لەوەی دەسەڵات و گەلی زۆر لەیەکتر ترازاندوە ئاکامی زۆر خراپیشی بەسەر چارەنوسی سیاسیمان دەبێت ئەگەر بەپەلە گۆڕانێک لە هزری ئیداری و سیاسیتان نەکەن.**

**ناوەندی چاک**

**7-8-2008**